# ٣٠ ـ شەررە بەرد

کە دوو منداڵ ، یا دوو تیپە منداڵ ، یا منداڵەکانی دوو گەڕەك ، یا منداڵەکانی دوو گوندی دراوسێ لە سەر شتێك ناخۆشیان ئەکەوێتە بەینی لە یەك گیر ئەبن بە جنێو شەڕ . لە یەك دوور ئەبنەوەو دەس ئەکەن بە شەڕە بەڵاڕو بەرد

هاویشتن بۆ یەك .

ئەگەر شەڕەکەش گەورەبێ ، منداڵەکانی دوو گەڕەك یا دوو گوندبن ئەوا دار لاستیق‌و بەردەقانی ئەکەویتە کار ، هەر منداڵێك یەکێك لەم چەکانە یا هەر دووی لە گەڵ خویا هەڵ ئەگرێ لە کاتی شەڕ کردنیا . بەردە قانیەکە لە پشتی ئەبەستێ‌و دار لاستیقەکەش ئەخاتە ملی . پێویستی بە کامیانەوە هەبێ ئەویان ئامادە ئەکاو بە دەستیەوە ئەگرێ لە کاتی شەڕدا .

کە لە یەك نزیك بن بە دار لاستیق شەڕ ئەکەن ، لە یەکیش دووربن بەردەقانی ئەکەویتە کار . تا بەشێکیان بەشەکەی‌تر ئەشکێنێ‌و رایان ئەپیچن‌و تەنگەیان پی هەڵ ئەکەن‌و راویان ئەنین بۆگەڕەك ، یا گوندی بەشە شکاوەکە . جا چەند بریندارو سەر شکای لە هەردوو بەشدا نەبێ ، دەسکەوتی هەردوو لاشیان ئەوەیە کە هەربەشێك منداڵێکی بەشەکەی‌تر بگرن ، چ دار لاستیق ، چ بەردە قانی لابیت لێی ئەستێنن‌و لە گەڵ لیدانیشا مار کوژی ئەکەن ئەمجا بەرەللای ئەکەن .

تا بەم دوواییەش شەڕە گەڕەك لە ناو شاری هەولێردا هەر مابوو بە تایبەتی لە بەینی عەلات‌و تەیراوە . کە هەر جارەی تیك ئەگیران چەند حەفتەیەك دریژەی ئەکیشا ، هەر دوو لایان شکەست‌و بریندارێکی زۆریان ئەبوو ، چەند جارێکیش ئۆتۆمبیلی پۆلیسی چەکدار ئەهاتنە بەینیان بۆ پەرت کردنیان ،

بەلام بێ سوود بوو لە شەڕەکەی خۆیان نەئەکەوتن ، بەڵکو بۆ ڕۆژی پاشتری دژتر ئەبوونەوە لە سەر شەڕەکە .

زۆر لە گەنجەکانیش بەشداریان ئەکرد لە شەڕی قەلات‌و تەیراوە .

کە یەکێ لە سەر قەلات ئەکەوتە خوارەوە تەیراوەییەکان ئەیان گرت هەر شتێکی بە کەڵکی لابوایە لیان زەفت ئەکردو زۆریشیان لێ ئەدا ئەجا زەوانیان ئەکردەوە .